## ڕۆڵی مامۆستا

پاشخانی هۆشیاری و زانیاری و نەفەس درێژی مامۆستا و فێرکار، بۆ تێرکردنی ویستی پرسیار کردنی منداڵان زۆر گرنگە.

١- هەردەم مەبەست و ڕاوبۆچوونی منداڵان بەهەند وەربگرە و بەبێ بەها و گاڵتەی مەزانە.

٢- کاتێک گفتوگۆ و دیالۆگی فەلسەفی لە پۆلدا بەڕێوەدەچێت، هەوڵبدە ئەو وشە و چەمک و دەستەواژانە بەکار بهێنە، کە لەلای منداڵان ئاسنترە و زووتر تێیدەگەن.

٣- هەوڵبدە، وشە و دەستەواژە، قورس و گرانەکان، بەشێوەیەکی ئاسان و سادە، ڕوونبکەیتەوە.

٤- هەوڵبدە، تا منداڵەکان گشت بیروبۆچوون و کۆمێنتار و دەربڕینێکیان، ڕاڤەبکەن و هۆکەی ڕوونبکەنەوە، کە مەبەستیان چیە.

٥- دەبێت بزانیت جیاوازی لە نێوان سەلماندن و بەهانە و پاساوی، (باش) و (کەمترباش) دا بکەیت و هەوڵبدە بەهانە و پاساو بە بەهانە و پاساوی نوێ ڕوونبکەرەوە. هەوڵبدە ڕێسایەک بدۆزیتەوە، تا ئەو هەوڵانەی لەسایەدا ڕێکبخەیت.

٦- لەوە مەترسێ پرسیارێک بەکراوەیی(بێ وەڵام) بەجێبهێڵیت، زۆربەی جار ئەوە دەبێتە مایەی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەی نوێ.

٧- لەبەردەم منداڵەکاندا دانی پێدابنێ و باسیبکە، کە زانیاری گەورەکانیش سنوردارە و هەموو شتێک نازانن. بەڵکو ئەوانیش وەک منداڵان و لەگەڵ منداڵاندا هەوڵدەدەن، تا زانیاری خۆیان زیادبکەن و شتی نوێ فێربن.

٨- بیرت هەبێت، کە دەبێت بیرکردنەوە لە کاتی فگتوگۆ و دیالۆگدا، هەمیشە لە بزاوتدا بێت و گۆڕانی بەسەردابێت. ئاشکرایە مرۆڤ هەوڵدەدات شت- زانیاری لەو بوارەدا فێرببێت، کە زانیاری لەبارەیەوە نییە، یان کەمە.



مامۆستا کاترینا ( نەرویجی) لە فێرگەی پاشای گەورە لە ڕەواندوز، ٢٠٠٩